# بەملپێچێکی سوورەوە هاتەوە بۆ شار.!

کامەران سوبحان



دواهەمین ڕۆژەکانی پایز، ئێوارەیەکی سارد. سلێمانی پڕ بوو لەڕەشەبای گۆیژە، بە ملپێچێکی سوورەوە خۆی کردەوە بەشاردا، وەك هەمیشە جانتا چەرمەکەی بەدەستێکییەوەو جگەرەکەش بەدەستێکی ترەوە،نیگاکانیشی بەهێمنی بۆ دورایی شار و بەرزاییەکانی پیرەمەگرون دەیڕوانی، بەدەم خوێندنەوەی(گۆڕستانی چراکان وخاچ و مار و ڕۆژمێری شاعیرێك)خۆی کرد بەهۆڵی ڕۆشنبیریدا(کەمێك بێدەنگی، کەمێ تێڕامان) تێر لەهۆڵەکەی ڕوانی، تێر لەڕوخسارە پاکیزەییەکەی غەمگین فەرەج وردبوویەوە، بەخەندە گرەکەی داوای ئەوەی کرد کەمێك گوێ لەو کارە سیمفۆنییە نوێیەی بگرێت، غەمگین زۆر دڵخۆش بوو بەم هاتنەی شێرکۆ، پێش گوێگرتن، پێش هاتنەوەی ئەو بۆ کۆلێنەکانی شار، شێرکۆ دەمێکە سەرسامی خۆی بۆ کارە کولتوورییەکانی ئەو سێ برایە دەربڕیبوو(بارزان و غەگین و ئاریان)لای ئەو سێ پەلکی درەختێکی گەورەی بەرداربوون، هەمیشە لەئۆتۆمبێل و ئۆفیس و ماڵەکەی گوێی لەبەرهەمەکانی غەمگین دەگرت، لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بە تاسەوە وتار و چاوپێکەوتنە درێژەکانی بارزان فەرەجی دەخوێندەوە، هەمیشە دەیوت حیزب کارەکتەری وای زۆر پێویستە.!لەگەرمەی خۆپیشاندانەکانی سەرای سلێمانییەوە، ئەوکات هاوڕێ و دوژمن قسە و بوختان و قسەی جۆراوجۆریان بەم شاعیرە کەڵەگەتە دەوت، ئاریان لەڕۆژنامەیەکی حیزبییەوە ستایشی کوڕەکەی بێکەسی کردو ئەوەی وت پێویستە هەموان ڕێز لە ئازادییەکانی شێرکۆ بگرین.!.بەدەم ئەم خەیالێنەوە شێرکۆ لەناو هۆڵەکەوە چەند کاتژمێرێك پێش دەستپێکردنی ئۆرکێستراکە دانیشت، لەجوڵە و توانا فزیکییەکانی مستەفای مایسترۆوە هێندەی تر ئەندێشەی ڕۆشتەوە بۆهەڵەبجە و ئەنفال، کاتێك دەستیان کرد بەکارەکە لەگەڵ یەکەم دەرکەوتن و یەك دێڕی لاواندنەوەی بەرهەمەکەدا، دیاری قەرەداغی داریوش ئاسا، بە بێ دەنگ و بەنواندن ئەفسوناوویەکانی خۆی هێندەی تر سلێمانی لای شێرکۆ شیرینترکرد، ئەو خۆی هەمیشە دەیوت گۆرانیبێژ و مۆزیکی باش هێندەی تر شیعرەکانی من مەزنتر و نەمرتر دەکات، لەشوێنی خۆیەوە جارجار شێرکۆ دەیویست هەڵسێتەوەو ماچی دیاری بکات، کە سەیری دەکرد شیعرەکان ماویەتی دادەنیشتەوە، دوای ئەو، کیژان بەدەنگە گەردوونییەکەی هێندەی تر، زامی ئەنفال، زامی شەهید، زامی هەڵەبجەی بەسوێ تر دەکرد،عەدنان کەریم ئەو دەنگەی کە هات هەموو شت دەوەستێت، تەنانەت ڕەشەبای سلێمانیش.!شێرکۆ دەرویێشی دەنگی ئەمیش بوو، کە گوێ لێبوو عەدنان هێندە ڕاستگۆیانە هەڵەبجە و شیعر و ئەنفال دەلاوێنێتەوە، ئەم جارە شێرکۆ خۆی نەگرت، هەڵسایەوە سەرپێو لارە لار، بەبێ ئەوەی سەیری ئەملاولای خۆی بکات، ڕۆیشتە سەر تەختەی شانۆ، ملپێچە سوورەکەی ملی خۆی خستە ملی غەمگین و یەکەکە گۆنای مۆزیککار و کۆرسەکانی ئەم بەرهەمەی تێر تێر ماچکرد، دوا ماچی ئەو دوا ماڵئاوایی ئەو بوو لە سلێمانی و لە مۆزیك و لە هۆڵی ڕۆشنبیریی، چۆن هاتە ژوورەوە ئاوا بەبێ دەنگی ڕۆیشتە دەرەوە، بەرەو لای چەپ ملی ڕێگای گرتە بەر، بەلێم ئەم جارە بە پێ و بەبێ (ئاراس و شوان)ەی شوفێری، دوای تێربوونی ڕۆحی لەمۆزیك، ورد ورد ملی ڕێگەی گرت و ڕۆشتەوە بۆ پارکی ئازادی.!!